# سوپاس کاک عەلی سیاسی، بەڵام پەنجەکانی دەست هەمووی وەک یەک نین!

ڕێکار ئەحمەد


زێدەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم ڕۆژانە سەیری هەموو ماڵپەڕە کوردیەکان دەکەم، بەوهۆیەشەوە دڵخۆش و شادمانم کە دەبینم پۆلێک نووسەری ئازاو بوێر هاتوونەتە مەیدان و گەندەڵیەکان لەقاودەدەن، پەنجە لەسەر کێماسی و برینەکان دا دەنێن و بە دوای چارەسەرکردن و تیمارکردنیان دا دەگەڕێن. کاک عەلی مەحمود محەمەد یەکێک لەو نووسەرانەیە کە بە باڵاو پەیکەر وردە، بەڵام بە مێشک و هزرو لێکدانەوەو خوێندنەوەی هاوکێشەکان زۆر بەرزە، من ڕێزی تایبەتیم بۆی هەیە و تا ئەوپەڕی سنوور خۆشم دەوێ، چونکە هەمیشە ئەو بابەتانە دەوروژێنێ کە جێگەی پرسیارن و بە دەگمەن کەسانی دیکە خۆیانی لە قەرە دەدەن.

ئەمرۆ 24-7-2007 سەیری ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆم کرد، بابەتی(قادر عەزیز ڕکابەری نییە ! - عەلی مەحمود محەمەد) کێشی کردم. ڕاستیەکەی ئەوەی کاک عەلی سیاسی لەو بابەتەدا سیاسەتی پێوەکردووە ڕۆژەڤی هەنووکەییە، زۆربەی نووسەر و ڕووناکبیری ڕاستین لە ویژدانی خۆیەوە دەپرسێ :" ئەرێ بۆ سەرۆک و سکرتێری لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەمیشەیین و ناگۆڕدرێن؟!) تەنانەت خەڵکی ئاساییش پەی بەو ڕاستیە دەبەن کە لە کوردستان دا بۆتە مۆدێل، کەسێک کە پۆستی سەرۆک و سکرتێری وەرگرت ئیدی بەری نادات و دەیەوێ وەکو حەبیب بورقیبە بە دارەڕێ و بن پیل گرتنیشەوە هەر لەسەر کورسی بمێنێتەوە. لەو بەستێنەدا منیش وەک کاک عەلی نیگەران و دڵپەستم، زۆر جاران لە خۆم پرسیوە تاکەی سەرۆک و سکرتێرەکان لە شوێنی خۆیان دا دەمێننەوەو ناگۆڕێن؟! من ئەم پرسیارەشم لە خۆم کردووە. من ڕاستویژانە دەڵێم گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ من لابچم و کەسێکی دیکە پۆستی سکرتێری گشتیی حزبی ڕزگاریی کوردستان وەر بگرێ.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، جێگەی خۆیەتی ئەو ڕاستیە وەبیر کاک عەلی و تێکڕای کوردستانیان بهێنمەوە کاتێک دەستەی کادیرانی نوێنەر لەنێو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان لە 15-8-1993 دا بڕیاریان بمێننەوە، بڕیاریان دا ئەزموونێکی مێژوویی بن، ڕێبازو ڕێچکەیەکی دیکە بگرنەبەر، ڕەفتارو کردارێکی دیکە پێشانی دیتران بدەن، لە، ڕوانگەیەشەوە پەیمانیان دا کە درێژە بە کاروانی خەباتی دێرینی خۆیان بدەن و بەرەو باوەشی لایەنە زلهێزەکان نەڕۆن، بیر لە پلەو پایەو سامان نەکەنەوە و خۆنەویستانە کاروانی سەربەخۆخوازی و ڕزگاریخوازی درێژە پێبدەن. بەوهۆیەشەوە نەچوونەوە سەر ناوی پارتی گەل و حزبی یەکگترن، بەڵکو حزبی ڕزگاریی کوردستانیان ڕاگەیاند، ڕاشکاوانەش گوتوومانە کە حزبی ڕزگاریی کوردستان نۆژەنکردنەوە و درێژەپێدانەوەی پارتی گەلی کوردستانە. ویستوومانە و هەوڵمانداوە کە نموونەیەکی سەربەخۆ بین، بۆیە کاتێک سەرکردایەتی باڵادەستی حزبی یەکگرتنی کوردستان پایدۆزی کردو بەرەو پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆیشتن، بە بروسکە پیرۆزباییمان لێکردن، سەنگەری دژایەتیکردنمان هەڵنەبژارد، بروسکەی پیرۆزباییمان بۆ کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان نارد و لێمان خواستن کە ئەمە سەرەتای پێوەندیێکی نوێ و پتەوتر بێ، بەڵام مخابن داخوازی ئێمە بە سوک سەیر کراو وەڵام نەدرایەوە.

من نامەوێ زێدە لەسەر هەڵوێست و ڕامان و دروشمەکانی حزبی ڕزگاریی کوردستان بنووسم، ناچار وەڵامی پرسیارەکەی کاک عەلی سیاسی خۆشەویست دەدەمەوە؛ ( ئێمە ویستوومانە حزبی ڕزگاری ڕابردوو دووپات نەکاتەوە، منیش ویستوومە ڕێچکەشکێن بم و یەکەمین سکرتێر بم کە ئارەزوومەندانە شوێنەکەم بۆ هەڤاڵێکی دیکە چۆل بکەم و وەکو ئەندامی حزبی ڕزگارییش بمێنمەوە، ئەمڕۆش نیە کە ئەم قسەیە دەکەم. من لە دووەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان دا کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2004 دا پێکهات، لەبەردەم ئەندامانی کۆنگرەدا بەڵێنم بە ویژدان و بە هەڤاڵانم دا کە دەبێ ئەو مێژووە بگۆڕین و ڕێگە نەدەین کەسێک بۆ هەمیشە لە پۆستی سکرتێری حزبی ڕزگاریی کوردستان دا بمێنێتەوە، من لەبەردەم کۆنگرەدا پێشنیارم کرد کەسانی دیکە بۆ پۆستی سکرتێر خۆیان کاندید بکەن، بەڵام لەسەر پێداگری ئەندامانی کۆنگرە من خۆم کاندید کردەوەو بەڵێنیشم پێدان کە کۆنگرەی داهاتوو من هەرگیز خۆم کاندید ناکەمەوە. ئەم ڕاستیە هەموو ئەندامێکی حزبی ڕزگاریی کوردستان دەزانێ، تەنانەت کاتێک کاک حوسێنی یەزدان پەنا پۆستی سکرتێری گشتی بۆ کاک عەلی قازی چۆل کرد، من چومە لای و پیرۆزباییم لە کاک حوسێن کرد و پێمگوت : من دامنابوو کە ڕێچکەشکێن بم و یەکەمین کەس بم کە پۆستی سکرتێر بۆ هەڤاڵێکی دیکە چۆل بکەم، بەڵام تۆ بەر لەمن ئەو کارەتان کرد.

ئێستا ڕاشکاوانە دەڵێم من تا کۆنگرەی داهاتوو لە پۆستی سکرتێری حزبی ڕزگاریی کوردستان دا دەمێنمەوە، ئەگەر ئەمساڵ کۆنگرە پێکنەیەت، ساڵی داهاتوو لە مانگی ئاب پێکدێ، ئەو کاتە یەکێکی دیکە پۆستی سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاریی کوردستان وەردەگرێ، منیش ئامادە دەبم لەهەر پۆستێکی دیکەدا هەڤاڵ و هاوکاری بم. گرنگ پۆست نیە، گرنگ ئەوەیە لە ڕێگەی حزبەوە خزمەت بە گەل و نیشتمان بکرێ. لەم پێوەندەدا بەکاک عەلی سیاسی خۆشەویست و هەموو کوردستانیەک دەڵێم: پەنجەکانی دەست هەموویان وەک یەک نین، من بڕیاری خۆم داوەو لە کۆنگرەی داهاتوودا هەڤاڵێکی دیکە دەبێ بە سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاریی کوردستان، زۆریشم ڕق لەو کولتووره دەبێتەوە کە سەرۆک و سکرتێرەکان بۆ هەمیشە لە پۆستەکانیان دابمێننەوە.



# پێش کەوتن چەند بەگوڕ بێت گوناهەکان بێ سنور تر دەبن

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردەواریماندا. زۆر شت هەیە دەیخەنە ئەستۆی نەریتەوە و بەناوی جۆراو جۆرو لەژێر بەهانەی ئەو داب و نەریتەی کە بەزۆر فەرزی دەکەن و دەیانەوێت. یاسای پاش فرۆیەتی نێرینەیی هەردەم لە هێزو وزەدا وەک دەریایەکی پڕ لە نهێنی شەپۆل بداتە سەر خواست و داخوازی یەکانی ئێمەی ژن. سەرکۆنەو دەم کوتکردنمان لەژێر بەرژەوەندی تاکەکەسی و ئارەزوو بازیدا درێژە پێ بدەن. ژن بە موڵک دەزانن و عەیبەو شەرم دەکەن و پەردەیەک بۆ دیزە بەدەرخۆنەکردنی ڕاستیەکان و ڕۆژی ڕون دەکەنە شەوەزەنگ بۆ وونکردنی هەر ڕێگایەک ژن بیەوێ پیادەی بکات و بۆ بەرەنگارنەبونەوەی ئەو واقعە تاڵەی کە بە زۆر بەسەرماندا سەپێنراوە.پیلانەکان گەورەتر دەبن ئێمەش دەیان قوربانی دەدەین لەو پێناوەدا. بۆ نمونە لەناو کۆمەڵی پیاوانی بەناو ڕۆشنبیردا ئەمە لە کاتێکدا کە ئافرەتێک پەی بە سیاسەتی دەسەڵاتی پیاوان دەبات خۆی لێ دەپارێزێ. یاخود هۆشیاری دەداتە ژنانی دەوروبەری خۆی. ئەوە، ئەو ژنە مۆرکێکی دوور لە ڕاستی لە نێوچەوانی دەدەن و بە چەند وشەیەکی ناشرین پەراوێزی دەکەن وەک (بێ حەیا، یاخود بێ ساحێب و دەم درێژ یا دوور لە ڕەوشت)ناوزەدی دەکەن خۆ ئەگەر ئەو ئافرەتە کچ بێت ئەوە دەبێت هەتا ماوە بە قەیرەیی بمێنێتەوە وە ئەگەر ژن بوو ڕێگا زۆرە بۆ لەناو بردنی چونکە ئەوی ژن خۆبەدەستەوەدان و مل کەچکردن ڕەت دەکاتەوە بۆیە هەوڵ دەدەن بۆ چەواشەکردن و پەلکێش کردنیان بەناوی هاوڕێیەتی و پێشکەوتن و شارستانیەتەوە پاش قول بگرن و دواتریش جرتێک و سێ خاڵ دەبڕن بە باڵایاندا ئەمە لەناو کۆمەڵە بەناو ڕۆشنبیرەکاندا خۆ ئەگەر باس لە خەڵکانی دەرەوەی ڕۆشنبیران بکەین ئەوە هەناسەیەکی لە نزا لە گەرومان دێتە دەرەوە ژەهری ناداتێ زەمەنیش بە نێو برینە بێ هەتوانەکانماندا ڕۆدەچێت کە دەبینین هەزاران دەرگا بە ڕوی ویژداندا دادەخرێت ئیدی دەبێت بڵێین ڕەحمەت لە کفن دز چونکە خراپ تر و خراپیشمان هەیە و هەمو کات نەریت بە قوربانی ژنان درێژەی بە ڕەوتی خۆی داوە. هەرچەندە ئەم دیاردانەش لەگەڵ هەبونی ڕێکخراوەکانی ژنان پێ لەگەڵ پێ بە گوڕتر هەنگاو هەڵدەگرێت. لە ڕاستیدا نازانم چۆن گوزارشت لەو ناهەمواری و ئەندێشانە بکەن. کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم خواست و ئاواتەکانمان یاخود چۆن وەک پەخشانێک بینەخشێنێم تا لە گۆشە نیگا خەمۆکیەکانەوە ئەو بەهارە ببینم کە پڕە لە ڕازو نیازی دڵەکان. ئاخ چەندە سەختە کە دەبینم مرۆڤ دژی مرۆڤە یاخود کۆمەڵێ لەسەر کۆمەڵێکی تر گەورەتر دەبینرێ، بەڵام ئەفسوس تەنها دەتوانم هەندێک لەو دیاردانە بهێنمە زمان برێژی داخی دڵم بێت. بەڵێ کۆمەڵگا زۆر شتی دوور لە ویستی خۆمان لەسەرمان فەرز دەکات هەر لە هاتنە دنیامانەوە هەر لەتەمەنی بێ ئاگایماندا لە ژێر چاودێری ترس و گوماندا پەروەردە دەکرێن و

بە (وشەی ژنی شەرمن شارەدێ و پیاوی شەرمن فلسێ ناکات )

ڕامان دەهێنن تا بێدەنگی بە باڵاماندا ببڕن چونکە هەموو شتێ بۆ ءێمە تاوانە عەیبە خراپە تەنانەت دەبێت دەنگمان لەدەنگی براکانمان نزمتر بێ بابڵێین ژنێک لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشر دێت، ئەگەر ژنە بەجواب هات لەسەر بێ تاوانی خۆی ئەوە بەژنی دەمەوەر ناو زەند دەکرێ وە ئەگەر هاتوو هاوسەرەکەی ویستی ژیانی لەگەڵی دا نەماوجیابۆوە ئیتر هیچ پیاوێکی دیکە ناوێرێ خۆی نزیک بکاتەوە چونکە بۆ ئەوەش دەڵێن ژنی بەد ڕەوشت چاک دەکرێت بەڵام دەمەوەر نا هەر لەبەر ئەوەی ئیرادەێک دەیبزوێنێ تابدوێ کە ئینسانە. سەرباری گوزەر کردن لەگەڵ هەموو ئێش و ئازارەکانی کە لەژیانی هاوسەریدا ڕووبەرووی بۆتەوە بە لێدان و سوکایەتی باوک و براش کەمی نیە چونکە بێوەژنەوە زۆر خەتەرە من پێم سەیرە دەڵێم ئایا هەر ویستێکی شەخسی هەبێ بەرامبەرەکەی پیاو نیە چونکە پیاوان وەک بەرزەکی بابان بۆی دەردەچن وەژنان لەژێر بڕیاری توندو تیژیدا بەجێدەهێڵن لەبەر ئەوەی ژنان لەچوارچێوەی یاسای کۆمەڵگە دەردەچن پێم وایە هەموو تان دەزانن کە پیاوان تا ئارەزوویان لەژن هەبێ هەندێک خۆشەویستی خۆیانی بۆ دەردەبڕن وە ئەگەر ئەو خۆشەویستیەی وەلانا بەچاوێکی سوک لێی دەڕوانن وە بەفەرمان دەرکردن و خۆ فەرزکردن ڕەفتاری لەگەڵ دەکات یان ئەگەر بڕوانییە شێوەی شارستانیەکان ئەمەش نوونەێکی تر بابڵێین کوران کەتەمەنیان لەنێوان 18 تا 25 ساڵیدایە کە بەو پەری باوەڕەوە باس لەشارستانیەت دەکەن کە پێیانژ وایە جل و بەرگی جوان و سەیارەی ئاخ مۆدێل شارستانیەتە هەر جێگایەک بیەوێت دەچێت بە مەرجێک ئەو جێگایە ڕاوە کچی لێ بکرێت تا ئەویش بۆ کات بەسەر بردن بەکاری دەهێنن. خۆ ئەگەر بیەوێت ئەوە ساڵانێکیش بەخۆیەوە گرآێ دەدات دواتر بەهەنایێک دەدۆزێتەوە بەئاسانی و بێ ویژدانانە وازی لێ دێنێت وە لەکۆستی خەمم و دابڕاندا بەجێی دەهێڵن ئیدی کچەی بەستەزمانیش چەندە ڕاستگۆیانە خۆشی ویستوەو چونکە ئەو لەدنیای خەیاڵدا فریشتەی خەونەو ئەرخەوانیەکانی پەلکێشی دنیا بختەوەری دەکەن هێندە دڵ گەرمە خەندەی لێوی بە خوناوی بەهاران دەشواتەوە عەشق پەیتا پەیتا لەدەرگای دڵی کوتێت هێندە بەباوەڕوە دەڕوانێت وە کوره نازانێت کەوتووەتە داوی نێچیروانیکەوە وێرای سەرزەنشت کردن و وتی وتی دەوروبەری ئیدی عەشق سەری دەخوات دەبێتە قوربانی گەنجە عەسریەکانمان بەڵێ بۆ کەمنەبوونەوەی ئەم دیاردانە هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی هێزێکی ژنان کە دوور بێت لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و پاشکۆ کردن هێزێک کە پاڵپشتی سیاسی بێت وە باڵێکی عەسکەری ئەویش لەڕێگەی حکومەتەوە دەعمی ماددی و مەعنەوی بکەێت حزبێک کە لەخزمەت هەر تاکێکی کۆمەڵگادا بێت دەبێت عادیلانە بڕیار لەسەر چارەنووسی هەر کەسێک بدات ژنان بەتایبەت من ناڵێم ژنیش بێ تاوانە خۆشەویستی بکات وەڕاستیەکان بشێوێنێدەکرێ لەڕێگەی خەڵکانی پسپۆر شارەزاو یاسا ناسانەوە کاربکرێت بۆ وەلانانی دیاردەی دزی و قێزەوەنەکان دروشمی یەکسانی بەرز ڕابگیرێت.

**نووسینی/دایکی ئەلەند**